شۆپنهاوەر و نیچە

شۆپنهاوەر و ئاکاری پشتگوێخستنی جیهان و ژیان .. نیچە و ئاکاری بایەخدانی بالا بە ژیان، رەخنەی نیچە لە ئاکارە باوەکان

ئەلبرت شفایزەر لەعەرەبییەوە: عەبدولأڵا مەحمود زەنگنە

بۆ بەدبەختی گەورەترین دوو بیرمەندە ئاکاریستیەکەی نیوەی دووهەمی سەدەی نۆزدە، کە شۆپنهاوەر و نیچەن، تەیانتوانی یارمەتیی سەردەم بدەن لە هەولیدا بۆ بەدەستهێنانی ڕێبازێک لەبارەی ئاکاری کۆمەڵایەتییەوە کە بەمانای تەواو ئاکار بێت. ئەم دوو بیرمەندە ئیشیان لەسەر ئاکاری تاکە کەسی کرد و لەم ئاکارە تاکە کەسییەشەوە ئاکاری کۆمەڵایەتی گەشە ناکات. ئەوان تێبینیی خۆیان خستەڕوو، هەرچەند ئەو تێبینییانەیان بەهای خۆی هەبوو، بەڵام نەیتوانی لەرووی ئەو بەرەولێڕیی چوونە ئاکارییەدا بووەستن کە لە دیدی گشتیدا بۆ ژیان تا دەهات زیاتر دەبوو. هەردووکیشیان لەوەدا هاوبەشن کە دوو ئاکاریستی بنچینەبین، واتە لە بنچینەی یەکەمەوە کە ژیانە. نیچە و شۆپنهاوەر ناچنە نێو ڕامانە گەردوونیە ئەبستراکتەکانەوە، بەڵکو ئاکار لای ئەمان ئەزموونە بۆ ویستی ژیان، بۆیە لە قووڵایی ناخیانەوە بە گەردوونی دادەنرێن.

لای شۆپنهاوەر ویستی ژیان دەیەوێت بە ئاراستەی بایەخ نەدان بە جیهان، ژیان بەرەو ئاکار ئاراستە بگرێت و لای نیچەپیش ئاکار خۆی بۆ جەختکردنەوە و بایەخدانێکی قوول بە جیهان و ژیان تەرخانەکات. ئەم دوو بیرمەندە

لە گۆشەنیگای ئاکاری بنچینەییەوە دەرهــەق بە ئاکاری سەردەمەکەیان لە پێگەی دادوەریــدا دەوەستن، گەرچی جیاوازییەکی دیاریشیان لەنێواندایە.

شۆپنهاوەر(1788 – 1860) لە سەرەتای ســەدەوە نووسینەکانی بلاوەدەکاتەوە، کتێبی"جیهان فەرمانبەردای و ویستە" سالی 1819 بلاوەدەکاتەوە، بەڵام خەڵکی لە سالی 1860 کاتێک فەلسەفەی تیۆری بە یەکجاری مایەپووچ بوو بایەخیان بەم کتێبەی دا، ئەوکات دان بەوەدا نرابوو، کە ئاکار بە پێی رێبازی سوودگەریی میللیانە و بە پێی شوێنکەوتوانی دوای کانتیش جێی رەزامەندی نەبوو.(کتێبی:" ویست لەسرووشتدا، 1836" و " دووگرفتی سەرەکی لە ئاکاردا، دوو بەرگە، 1851،



کە شۆپنهاوەر دوای کتێبە سەرەکییەکەی لە تەمەنی سی ساڵیدا نووسیی، بریتییە لە پاشکۆ و راڤەی میللیانە بۆ کتێبە سەرەکییەکەی).

یەکەم کەسێکی گرینگ لە شوێنکەوتوانی کانت دوای خۆی یۆهان فردریک هێربێرتە(1776 – 1841)، گرنگی و بایەخی ئەم لە بواری توێژینەوەی دەروونیدایە. هێربرت ویستی لە کتێبی:" فەلسەفەی کردارییە گشتی، 1808) دا لەسەر بنچینەیەکی دەروونکاری ئاکار هەڵبسەنگێنێت. لەو کتێبەدا ئاکار دەگێڕێتەوە بۆ پێنج حوکمی راستەوخۆ، کە ناتوانرێت لە هیچ شتێکی تری ئەودیوی خۆیانەوە هەڵهێنجرێن و دەکرێت بە حوکمەکانی ستاتیکا بەراورد بکرێن و ئەو حوکمانەیش بریتین لە: هزرەکانی ئازادیی ناوەکی، کەمال، چاکە"احسان"، راستی" الصواب"، دادپەروەری. ئەگەر ئەم ویستە بەم بینینە وەربگیرێت کە لە دیتنێکی پوختەوە دەستپێدەکات و لای مرۆڤەکانیش لەرێی ئەزموونەوە راستییی دەسەلمێت، ئەوکات دەبێتە ئاکاری.

کەواتە لەبریی گەران بەدوای بنەمایەکی بنچینەیی بۆ ئاکار، هێربرت کۆمەڵێک هزری ئاکارییی قبوڵکرد، کە شانبەشانی یەکتری دەرکەوتن. ئەم تیۆرە ئاکارییە لاوازەیش هیچ هێزێکی قەناعەت هێنەری نیە، بەڵام هێربرت لەبارەی کۆمەڵگە و دەوڵەتەوە زانیاریی بەنرخ و چەسپاوی هێنایە ئارا.

ئیمانوێل هێرمن فیختە(1797 – 1879) یەکێکە لە جێگرەوەکانی کانت و کوری (ی. ج. فیختە)یە، بۆیە بە فیختەی بچووک ناوبراوە و کتێبێکی بە ناونیشانی:" رێبازێک لەبارەی ئاکارەوە، 1850 – 1853" نووسیوە کە لە دوو بەرگدایە و لە سەردەمی خۆیدا ناوبانگێکی زۆری دەرکرد.

شۆپنهاوەر یەکەم نوێنەری هزری خۆرئاواییە لەو رێبازە ئاکارییەدا، کە لەسەر بایەخ نەدان بە جیهان و ژیان دامەزراوە و لەگەڵ خۆیشیدا لۆژیکییە. فەلسەفەی هیندی کە لە سەرەتای سەدەی" 19"دا لە ئەوروپادا ناسرا شۆپنهاوەری بەم رێبازە گەیاند.(لە 1802 – 1804 دا ئەنکتیل دیپرۆن 1731 – 1805 لە دوو بەرگدا پەنجا ئۆپانیشادی لە هیندەوە بە دەقە فارسییەکەی لەگەڵ وەرگێڕانە لاتینیەکەیدا بۆ ئەوروپا هێنا). شۆپنهاوەر لە رووبەرووبونەوەی رێبازەکەیدا وەک فیختە بە ئایدیالیزمیە ئەپستمۆلۆژیەکەی کانت دەستپێکرد. ئەمیش وەک فیختە چییەتی" ماهیەتی"شتەکان لەخودی خۆیاندا دیاریدەکات، کە لەژێر هەموو دیاردەکاندا وەک ویست دێتە ئارا، بەڵام ئەم وەک فیختە ئەو ویستە بە ویستی کردە ناو نابات، بەڵکو بە ویستی ژیانی دادەنێت و ئەمیان راستترە.

شۆپنهاوەر دەڵێت من دەتوانم بە پێوانەکردنی بە خودی خۆم لە جیهان تێبگەم. ئەگەر لە دەریشەوە بروانەمە خودی خۆم وەک دیاردەیەکی فیزیکی لە شوێن و کاتدا دەرکی پێدەکەم، بەڵام لەناوەوە بێگومان ویستی ژیانە و بەم پێیەش هەموو ئەو شتانەی

لە دنیای دیاردەکاندا پێیانەگەم، گوزارشتن لە ویستی ژیان.
کەواتە مانای کرداری گەردوون چییە؟ مانای وایە تاکەکان بێشووەمار لەنێو ویستی ژیاندا چێنراون و هەموو بەردەوام لە میانەی ئەو شتانەوە کە بۆ وەڵامدانەوەی پالنەرە ناوەکیەکانیان دەیخەنە پێش چاوی خۆیان، هەوڵی تێرکردنی پێویستییەکانیان دەدەن تێرکردنێک کە هەرگیز کۆتایی نایەت، بەڵام دواتر تووشی نائومێدی دەبن، چونکە دەزانن چێژی راستەقینە ئەو چێژە نییە پێیگەیشتوون، بەڵکو ئەو چێژەیە شەیداین و دەبێ هەمیشە لە دژی ئاستەنگەکانی خەبات بکەن، دواجار ویستیان بۆ ژیان هەمیشە لەگەڵ ویستی ژیان لای کەسانی تر بەر یەک دەکەون، کەواتە نە جیهان و نە هیچ ئازارێکیش بوونیان نیە و تەنها لە ویستی ژیان لای باڵاترین بوونەوەرەکان دەرک بەمە دەکرێت، چونکە تەنها ئەو بوونەوەرە باڵایانە توانای هەستکردنی بەردەوامیان بەوە هەیە کە کۆی هەموو ئەو شتانەی لە دەوروبەریان و لە دەرەوەیشاندا هەن تەنها جیهانێکن لە دیاردەکان. ویستیش کە بەمجۆرە بەدواداچوونی بۆ کۆی هەبووەکان کردووە، لە پێگەیەکدا دەبێت بتوانێت بگاتە هزروبیرێکی روون لەبارەی خودی خۆی و فیکر و بوونیشەوە، بەڵام ئەوەی دەگوترێ دەبێ ویستی ژیان لە جیهاندا شتێکی بەهادار بەدیبێنێت، ئەوە ئەو گومان و دڵەڕاوکێیەیە ویستی ژیان لە فەلسەفەی ئەوروپیدا خۆی پێ فریودا، چونکە ویستی ژیان کە خۆی ناسی، تێگەیشت بایەخدانی گەشبینانە بە ژیان بێسوودە و تەنها ئەوەی بۆ دەکات بە خێرایی لە دڵەڕاوکێیەکەوە بیگەیەنێتە دڵەڕاوکێیەکی تر و لە نائومێدییەکەوە بە نائومێدییەکی تر، بۆیە ئەوەی دەبێ بیکات، دەرچوونە لەو گەمە ترسناکەی بەسەرسامییەوە بەشداریی تێدا کردووە و ئیتر دەبێ لە بایەخ نەدان و پشتگوێخستنی جیهان و ژیاندا سەرفراز بێت.
لای سپینۆزایش پرۆسەی مانای جیهان لەوەدایە تاکی زۆرباش بێنەئارا و لە ئەزموونەکانیاندا بەشداریی "ڕەها" بکەن. لای فیختە پالنەر بۆ کردە لەگەڵ "ڕەها"دا لە تاکە باشەکاندا وەک خاوەن مۆرکێکی ئاکاری لەخۆی تێدەگات و لای هیگلیش لەوەدایە "ڕەهـا" لە تاکە باشەکاندا بگاتە هەستکردنێکی هاوشێوە بە خودی خۆی؛ لای شۆپهۆر لەوەدایە "ڕەها" لە تاکە باشەکاندا بگاتە دەرککردن بە خۆی و رزگاربێت لە تێگەیشتنی بەردەوامی جەختکردنەوە و بایەخدان بە جیهان و ژیان کە لەنێو خودی خۆیدایە، بۆیە مانای پرۆسەی جیهان هەمیشە لەمەدایە: مەبەستم لەوەیە سنووردار و بێسنوور، کۆتادار و بێکۆتا ئەزموونەکانیان تێکەڵ بە یەک بکەن. سپینۆزا و فیختە و هیگڵ — کە ئەمە خاڵی لاوازیی ڕێبازەکانیانە — ناتوانن روونی بکەنەوە تا چ ڕادەیەک ئەم ئەزموونە لە بێسنووردا بەلای "ڕەها" وە مانایەکی دەبێت، بەڵام لای شۆپنهاوەر ئەو مانایەی هەیە. لە مرۆڤدا ویستی هەمەکیی ژیان لە ڕێی نیگەرانی و ئازارەوە بەرەو ڕێگەی ئاشتی و سەرفرازی وەردەچەرخێت. گواستنەوەیەکیش هەبووە لە بوونەوە بۆ نەبوون، ئەم نەبوونە بە لای ئەو ویستی ژیانەوە نەبوونە کە هێشتا پرە لە پالنەر بۆ جەختکردنەوە لە ژیان و دەرککردن بە جیهان، بەڵام ئەمـ"نرڤانا"یەی بوداییەکان دەیلێن لە خودی خۆیدا چییە؟ ئێمە لەبەرئەوەی تەنها لەڕێی هەستەکانەوە وێنای شتەکان دەکەین ناتوانین وێنای ئەمـ" نرڤانا"یە بکەین.
شۆپنهاوەر ڕێبازەکەی لەبارەی گەردوونەوە پێکدێنێت، واتە ڕێبازە ئاکاریستیە ڕەشبینانەکەی، لەکاتێکدا فیختە ڕێبازە ئاکارییە کاراکەی لە هەمان کەرەستەوە پێکدێنێت، کە ئایدالیزمیی ئەپستمۆلۆژی بە هەردووکیان بەخشیوە، ئەمەیان بەلای شۆپنهاوەرەوە گرنگییەگی ئەوتۆی نیە تا بۆی بگەڕێتەوە. بیرمەندانی هیندی پێش خۆی ئەو پەیوەستییەیان بۆ ئاسانکردووە کە دەکرێت بەبێ ئایدیالیزمیی ئەپستمۆلۆژییش ڕەشبینی گەشە پێبدرێت. تراژیدیای ئەزموونی بە ئازاری ویستی ژیانیش بە هەمان شێوەی خۆی دەمێنێتەوە ئیتر بە چ جۆرە پۆشاکێکەوە خۆی بنوێنێت.
فەلسەفەی شۆپنهاوەر، هەرچەند لەسەر شانۆدا بە پۆشاکی تیۆرە مەعریفییەکەی کانتەوە خۆی نمایش دەکات، بەڵام هەر فەلسەفەیەکی بنچینەیی لە سرووشتدا، کەواتە ناوەڕۆکی ئاکار لە ڕێبازی شۆپنهاوەردا کامەیە؟ ناوەڕۆکی ئاکار لە ڕێبازی ئەودا وەک فەلسەفەی هیندیەکان لە سێ دیاردەدا دەردەکەوێت: ئاکاری ڕادەستبوون" ملکەچبوون بۆ ڕاستیەکان"، ئاکاری بەزەیی کە هەمەکی، ئاکاری زوهدکردن لە دونیادا.
لەبارەی ڕادەستبوونەوە شۆپنهاوەر بەشێوەیەکی باڵا دەدوێت و بە زمانێکی شیعری وەسفی ئەوەمان بۆ دەکات مرۆڤی بریاردەر چۆن سوورە لەسەر تەواوکردنی خودی خۆی و بە بەڕێگریکردنێکی هەرزەیانە ڕووبەڕووی شتە سەختەکان نابێتەوە، بەڵکو وای لێدەکەن خۆی لە دونیا ئازاد بکات. مرۆڤ لە بارودۆخە ناهەمواڕەکانی ژیانی و لەو نەهامەتییانەی هەرەشەی تێکشکانی لێدەکەن لە ناکاودا وا هەستەکات: لە هەموو ئەو شتانەیش باڵاتر بووە کە خۆی بەهای پێداون و ئیتر دەگاتە هەستێک بەوەی ئیدی هیچ شتێکی تر زیان و ئازاری پێناگەیەنن، بۆیە ئەو کێڵگە بەپارەی ئاکاری فەلسەفیی سەدەی نوێ بۆ چەندین نەوە بە نەکێڵراوی و تۆونەکراوی جێبهێشت، شۆپنهاوەر زیندووی کردەوە.
ئاکار لەخۆیدا سۆز و بەزەییە، ژیانیش سەرلەبەری ئازار و مەینەتیە، ویستی ژیانیش کە گەیشتوەتە پلەی دەرککردن، سۆز و بەزەیی دایگرتووە بۆ هەموو بوونەوەرەکان. ویستی ژیان تەنها هەست بە ئازارە مرۆییەکان ناکات، بەڵکو هەست بە ئازاری هەموو زیندەوەران دەکات. ئەوەی لە ئاکاری ئاساییدا بە" خۆشەویستی" ناوبراوە لە بنچینە و گەوهەریدا سۆز و بەزەییە. لە هەستکردنی بەهێزی سۆز و بەزەییشدا ویستی ژیان لەخودی خۆی رزگاری

دەبێت و پاکبوونەوەی دەستپێدەکات.
کانت و هیگڵ لەو ئاکارەدا کە بانگەشەیان بۆ دەکرد چەندە پەرۆش بوون بۆ ئەوەی مافەکان لە سۆز و بەزەیی زەوت بکەن هەر لەبەرئەوەی لەگەڵ تیۆرەکانیاندا نەدەگونجا! بەڵام شۆپنهاوەر قفڵی زمانی دەکاتەوە و فەرمانی پێدەکات قسەبکات. ئەوانەی وەک فیختە و شیلرماخر و کەسانی تریش ئاکار لەسەر نەخشەیەکی هزروبیر قوول بۆ جیهان دەنەخشێنن، پێشبینیی ئەوە لە مرۆڤ دەکەن هەموو کاتێک خۆی بگەیێنێتە لووتکەی رامانەکانی و لەوێدا بۆ پاڵنەرەکانی کردەی ئاکاری بگەڕێت، بەڵام لای بیرمەندانی رێبازی سوودگەریی کۆمەڵایەتی دەبێ مرۆڤ پێش هەر شتێک داببنیشێت و شتە ئاکارییەکان بێنێتە بەرچاوی و بڕاردەیان بکات. شۆپنهاوەریش داوا لە مرۆڤ دەکات لە ئاکاری فەلسەفیدا کارێک بکات کەس پێشتر نەیکردبێت، ئەویش گوێگرتنە لە ناخ و دڵی خۆی، کەواتە یەکەمین و بنچینەترین رەگەزی ئاکاری کە ئەوانی تر خستوویانەتە گۆشەی بیرچوونەوە، بەهۆی شۆپنهاوەرەوە جارێکی تر پێگەی شایستەی خۆی وەرگرتەوە.
ئەوانی تر بۆ ئەوەی لە تیۆرەکانیاندا بەربانگی لێنەشێوێت، دەبێ ئاکار تەنها لە رەفتاری مرۆڤ لەگەڵ مرۆڤدا کورت بکەنەوە..ئامانە جەخت لەوە دەکەنەوە بەزەیی بۆ ژیانی زیندەوەرانە و هیچ پەیوەندییەکی بە ئاکارەوە نیە، بەڵکو گرنگیەکەی تەنها لە دۆزینەوەی ئامادەباشیی مرۆڤدایە بۆ چاکەخوازی لە ئاستی یەکتریدا. بەڵام شۆپنهاوەر ئەو ئاستەنگانەی لەبن هێنا و داوای خۆشەویستیی کردووە، تەنانەت بۆ نزمترین پلەی زیندەوەرانیش لە بووندا.
ئەو بانگەشە دروستکراوە سەیر و نامۆیانەیش کەسانی تر کردوویانە تا مرۆڤ بخەنە پەیوەندییەکی ئاکارییەوە لەئاست کۆ مە لگە یە کی رێکخراودا لای شۆپنهاوەر بوونی نیە. شۆپنهاوەر پێکەنینی دێت بەو هەڵسەنگاندنە زێدەرەوەی هیگڵ و فیختە بۆ دەوڵەتیان داناوە و بەلایەوە هیچ پێویست ناکات پرسە دنیاییەکان بخرێنە چوارچێوەی ئاکارەوە، ئەگەر ئەم پرسانە خۆیان کارێکیان بە ئاکار نەبێت. شۆپنهاوەر ئەو بیروباوەڕەی پیرۆز راگرتووە کە دەڵێت ئاکار بریتیەوە لەوەی مرۆڤ لە جیهان جیاواز بێت و وابکات جیهان وەک بڵێسەی گرێکی رۆشن بسووتێت. شۆپنهاوەر پابەندی هیچ جۆرە سازشێک نەبوو، چونکە وەک ئەوانی تر نموونەگیریی ئاکارێکی نەکردووە ئامانجێکی دنیایی هەبێت، لەبەرئەوەی فەلسەفەکەی فەلسەفەی بایەخ نەدانە بە جیهان و ژیان، دەتوانێت ببێتە ئاکاریستێکی بنچینەیی، لەکاتێکدا ئەوانی ناتوانن ببنە ئاکاریستێکی بنچینەیی. دواجار ئەم هیچ پێویستیەکی بە پچڕانی پەیوەستی نیە بە مەسیح و ئاکاری ئاینییەوە، بەڵکو دەتوانێت بە پێی توانا بەو راستییەوە شکۆمەند بێت کە فەلسەفەکەی تەنها بریار لەوانە دەدات لە پەرستشی مەسیحییەت و لای هیندییەکان وەک رەگەزی بنچینەیی و گەوهەریی لە ئاکاردا قبوڵکراوە. دەشزانین کە شۆپنهاوەر بریاری لەوە داوە لە مەسیحییەتدا رۆحێکی هیندی هەیە و دەشێت بە جۆرێک لە جۆرەکان ئەسڵی مەسیحییەت هیندی بێت.(بروانە کتێبی:" جیهان ویست و فەرمانبەرداریە، بەرگی دووهەم، بەشی 47).
ئاکاری بنچینەیی و بنەرەتی ئیتر توانیی لەوێناکردنی جیهاندا پێگەی شیاو بە خۆی بکاتەوە. ئەمەیش رافەی ئەو پەروشییەمان بۆ دەکات شۆپنهاوەر وروژاندی دوای ئەوەی خەڵکی ناسییان. گەرچی ماوەی بە نەناسراوی بۆ ماوەی زیاتر لە چل سال و گوێنەدان بەو فەلسەفە گەورەیەی هێنایە ئارا بۆ خۆی بە ئامۆژترین رووداوەکانی مێژووی هزری ئەوروپی دادەنرێت، چونکە ئەوکاتە بەجۆرێک لە راستیی بەڵگەنەویست دەروانرایە دیدی گەردوونیی گەشبینانە، هەموو کەس دەیتوانی هێرشی بکاتە سەر و رەخنەی لێبگرێت، بەشێوەیەک ئاستی رەوانبێژیی لە نمایشکردنی رێبازە فەلسەفیە ئاکارییەکەدا، چەندە یەهێز بوایە، وەک فەلسەفەکەی شۆپنهاوەر، کەس گوێی پێنەدەدا و گوێی تەدەگرت. لە سەدەکانی دواتردا چەندین کەس تەنها لەبەر حوکمە ئاکارییەکانی و بەرنجڕاکێشیە سرووشتیەکەی هۆگری



فەلسەفەکەی شۆپنهاوەر بوون، لەکاتێکدا رێبازە لۆژیکییە رەواکەیان لە بایەخ نەدان بە جیهان و ژیان رەتکردەوە.. هەرچەند هەستێکی راستگۆیانەی پێشکەش دەکردن.

دیدی شۆپنهاوەر لەبارەی گەردوونەوە، هاوشێوەی دیدی بەراهیمەکان، دواجار دیدێکی سەروو ئاکاریە نەک ئاکاری، چونکە بایەخ نەدانێکی ڕێک و گونجاوە بە جیهان و ژیان. هەرچەند لە زۆرینەی بەشەکانی نووسینەکانیدا لەبارەی ئاکارەوە لە سپینۆزا و فیختە و شلیرماخر و هیگلیش بنچینەییتر قسەدەکات، بەڵام لەڕاستیدا لەوان ئاکاریستتر نیە. ئەمیش وەک ئەوان دەگاتە دەریای بەستەڵەکی دیدی سەروو‌ئاکاری، بەڵام لەبریی ئەوەی بگاتە جەمسەری باکوور دەگاتە جەمسەری بەستەڵەکی باشوور. ئەو نرخەیشی کە دەیدات تا لەبارەی ئاکاری بنچینەییەوە بەسەریاندا سەرکەوێت، فەلسەفەکەیەتی لە بایەخ نەدان بە جیهان و ژیان، بەڵام نرخێکە دەبێتە هۆی مایەپووچ بوون.

ئاکار لای شۆپنهاوەر، هاوشێوەی ئاکار لای هیندیەکان، تەنها قۆناغێکە لە قۆناغەکانی گوێنەدان بە جیهان و ژیان، بەڵام لەخودی خۆیدا شتێکی ئەوتۆ نیە، بەڵکو ماناکەی لەو چوارچێوەیەوە وەردەگرێت ئەو دیدە هێناویەتە جیهانەوە. لە هەموو ڕێبازەکەیدا لە پشتگوێخستنی جیهان و ژیان لە میانەی ئەنگێزە عەقڵییەکەیەوە، پشتگوێخستنی جیهان و ژیان خۆی چۆنە وەها دەردەکەوێت، وەک خۆڕێکی خەیاڵی لە ئاسماندا ئاکار هەڵدەپرووکێنێت، چۆن خۆری ڕاستەقینە ئەو هەورە دەڕەوێنێتەوە کە خەڵکی بێهوودە چاوەڕێی نمە بارانێکی بووژێنەرەوەی لێدەکەن.

ئەگەر جەخت لە گوێنەدان بە جیهان و ژیان بکەینەوە ئەوکات کردەی ئاکاری مانایەکی نامێنێت و بەزەییش لای ئەو دەبێتە شتێکی تەنها فیکری. هیچیش لەبارەی ئەو بەزەییەوە نازانێت کە دەبێتە هۆکاری یارمەتیدان و هاوکات هەڵوێستی بیرمەندانی هیندیش نازانێت. وەک هەر ویستێکی کردەیش لەم جیهانەدا بەزەیی مانایەکی نابێت و هیچ هێزێکیشی تێدا نابێت بۆ سووککردنی مەینەتیی بوونەوەرەکان، چونکە ویستی ژیانی پڕ لە ئازار سەرچاوەی ئەو مەینەتییانەیە. تاکە شتێک ویستی ژیان بتوانێت بیکات، ڕۆشنکردنەوەی ویستی ژیانە لە هەموو شوێنێکدا لەبارەی ئەو وەهمەوە خۆی دیلێتی و ئاشتی و ئارامییەکی بۆ دابینبکات، کە پشتگوێخستنی جیهان و ژیان بەدیدێنن. بەزەییەکەی شۆپنهاوەر و بەراهیمەکان و بودایش لە قووڵاییاندا تەنها بەزەییەکی تیۆریە و دەتوانێت زمانی ئاینی خۆشەویستی بەکاربێنێت، بەڵام خۆی لە پێگەیەکی زۆر کەمتردایە لەو.

وەک بیرمەندانی هیندیش، ئایدیا باڵاکان لە ناکردەدا ڕێگر دەبن لە گەیشتن بە ئاکاری خۆشەویستیی ڕاستەقینە. ئەمە جگە لەوەی ئاکاری تەواوکاریی خود لای شۆپنهاوەر لە دەستەواژەدا دەبینینەوە نەک لە واقیعدا، چونکە گەیشتن بە ئازادیی ناوەکی لە جیهان، بە تەواوی ئاکاری نابێت تا ڕێگە نەدات بەو کەسێتیە وەک هێزێکی ڕاستەوخۆ لە جیهاندا کاریکات، بەڵام ئەم هزرە نە لای شۆپنهاوەر و نە لای بیرمەندانی هیند نابینین، چونکە بایەخ نەدان و پشتگوێخستنی جیهان و ژیان لای ئەوان لە خودی خۆیدا ئامانجە، تەنانەت کە مۆرکی ئاکارییش لەدەستەدات لە تەئکیدکردنەوە لە خۆی بەردەوام دەبێت. شۆپنهاوەر دەڵێت زوهد لە ئاکار بالاترە. هەرچییش ببێتە هۆی مراندنی ویستی ژیان لای ئەو جێی بایە پێدانە، بۆیە ئەو ژن و پیاوانەی بە مەبەستی کەمکردنەوەی مادەی ژیان(نەوەخستنەوە) پشت لە سێکس دەکەن لای ئەو هەڵوێستیان

به راست دادەنرێت. ئەوانەیشی بە ئەنقەست خۆکوژیی ئاینی بەکاردێنن(مەبەستی لە ئینتیحارە نەک کاری تیرۆریستی/ وەرگێڕ بۆ کوردی) و دوای بەکارهێنانی هەموو ئامراز و هۆکارێک بۆ مراندنی ویستی ژیان مەشخەڵی ژیان دەکوژێننەوە، وەک بەراهیمەکان چۆن هیچ ناخۆن و خۆیان برسی دەکەن بۆ مراندنی جەستەیان، لای ئەو ئەمانەیش رەفتاری خەڵکانێکی رۆشنفیکر دەنوێنن. تەنها ئەو خۆکوژییەی بەلاوە پەسەند نیە کە لەتاو بێزاری و نائومێدی دەکرێت، بەڵام بێگومانە ئەمەیان لەدەرەنجامی گوێندانی راستەقینەوە نیە بە ژیانی راستەقینە، بەڵکو بە پێچەوانەوە کردەیەکە لە کردەکانی ویستی جەختکەرەوە لەژیان کە تووڕەیە لەو بارودۆخانەی خۆی تێدا دەبینێتەوە.(بروانە کتێبی:" جیهان ویست و فەرمانبەرداریە، بەرگی یەک ، بەشی 69).

کەواتە لای شۆپنهاوەر گەیشتن بە ئاکار تەنها لەوێوە دەبێت کە پشتگوێخستنی جیهان و ژیان رێگەی پێدەدات، بەڵام بەو ڕادەیەی زەمینەسازیی بۆ دەکات کە ئاکاری بێت و تەنها دەروازە و ئامادەباشییەکە بۆ ئازادبوون لە جیهان، وەستاندنی ویستی ژیانیش بە بریارێکی عەقڵی دەبێت، بۆیە گەر توانیم بگەمە ئەو تێگەیشتنەی کە: سەرلەبەری جیهانی دیاردەکان فریوخواردن و مەینەتین و ویستی ژیان پێویستیی بەوە نیە جیهان یان خودی خۆی هێندە بە جدی وەربگرێت، کەواتە رزگارم بوو. ئیتر دوای ئەوە مەودای بەشداربوونم لەگەمەی ژیاندا هیچ بایەخێکی نیە مادام هەست بکەم تەنها ئەکتەرێکم.

لای شۆپنهاوەر گەیشتن بە ئاکار تەنها لەوێوە دەبێت کە پشتگوێخستنی جیهان و ژیان رێگەی پێدەدات، بەڵام بەو ڕادەیەی زەمینەسازیی بۆ دەکات کە ئاکاری بێت و تەنها دەروازە و ئامادەباشییەکە بۆ ئازادبوون لە جیهان

شۆپنهاوەر وەک حەکیمانی هیند دیدی گەردوونیی رەشبینانەی هێندە گەورە و ئارام نیە، بەڵکو لەژێر کاریگەریی ئەو دیدەدا رەفتاری کەسێکی ئەوروپیی نەخۆش و تووڕە پەیرەو دەکات. لەکاتێکدا هیندیەکان لەسەر بنچینەی ئەو مەعریفەیەی دەروونیان ئازاد دەکات زۆر بە ڕێز و نەوازشەوە لە ئاکار نزیک دەبنەوە و خێر و شەریش وەک دوو شت لەدوای خۆیانەوە جێدەهێڵن کە بەسەریاندا ڕاڵ بوون، شۆپنهاوەر هێشتا وەک کەسێکی بەدگومانی داماوی ئەوروپی دەردەکەوێت.(لە بەهاجاقاد جیتا و ئوپانیشادەدا هاتووە کە مرۆڤ کاتێک دەگاتە پلەی بایەخنەدان و پشتگوێخستنی جیهان و ژیان، بە کەسێکی پیرۆز دەمێنێتەوە تەنانەت گەر کارێکیش بکات بەلای هزرو‌بیرە باوەکانەوە لە ئاکار لادان بێت). شۆپنهاوەر نەیتوانی لەو دیدە گەردوونیەدا بژی کە خۆی بانگەشەی بۆ کردووە و وەک چۆن ژیان ویست بووە، بە هەمان شێوە پارە ویستیش بووە و بە تەواوی چێژی لە خواردنی خۆش و عەشق و خۆشەویستی وەرگرتووە و بە چاوی سووک ڕوانیویەتیە خەڵکی نەک بە چاوی خۆشەویستی. بۆ پاساودانی ئەو هەڵوێستەیشی، دەبینین لە کتێبی:" جیهان و ویست و فەرمانبەرداریە"دا کە باس لە مراندنی جیهان و ژیانویستی دەکات، لەدژی ئەو هزرو‌بیرە دەهەژێت کە دەڵێت هەرکەس بانگەشە بۆ ڕەفتاری قەدیسان بکات دەبێ وەک ئەوانیش بژی، لەو بارەیەوە دەڵێت:" سەیرە داوا لە ژانای ئاکاریست بکرێت تەنها بانگەشە بۆ ئەو چاکانە بکات خۆی قەناعەتی پێیانە. ئەگەر مرۆڤ بتوانێت لە زنجیرەیەک بۆچوون و وێناکردنا هەموو چیەتی"ماهیەتی" جیهان بەڕوونی تەنها بە چەند وشە و دەستەواژەیەکی گشتی دەربڕێت و دواتر وەک کۆپیەکی عەقڵی لە چەند بۆچوون و وێناکردنێکی عەقڵیی سەخت و چەسپاودا بیخاتە بەردەستمان: ئیتر هەر ئەمە بۆ خۆی فەلسەفەیە".(بروانە کتێبی: جیهان ویست و فەرمانبەرداریە، بەرگی یەک، بەشی 68). فەلسەفەکەی شۆپنهاوەر بەمجۆرە تەعبیر و دەستەواژانە ئازاد دەبێت.

کەواتە هیگڵ مافی خۆی بوو بڵێت فەلسەفە عەقڵمەندیە نەک فەرماندەر، چونکە فەلسەفەکەی خۆیشی هەر ئەو بانگەشەیەی دەکرد، بەڵام "جیهان ویست و ژیان" بێت، بە زمانێکی ڕوون و دیالێکتێکی جوان لە دژی ویستی ژیان دەوەستێتەوە، بۆیە دەبوو بشبێتە ئایدیۆلۆژیای ژیان لای نووسەرەکەی، لەبەرئەوەی شۆپنهاوەر هەندێجار خۆی لەبیردەچێتەوە، تەنانەت بە گومانەوە باس لە ئاکار دەکات، بۆیە ڕاڤەی دوورخایەنی خۆی هەیە. ئەو پشتگوێخستەنەی جیهان و ژیان کە ئەو دەیەوێت بە ئاکاری ڕابگەیەنێت، هیچ دەرەنجامێکی لۆژیکیی لێدەرناهێنرێت و بە کردارییش لەشێوەیەکی ڕێک و گونجاودا بەدیناهێنرێت. ئەم ڕێبازە تەنانەت لای بەراهیمەکان و بودایش تەنها بەهۆی سازشەکانی بۆ ڕێبازی جەختکردنەوە و بایەخدان بە جیهان و ژیان دەتوانێت بمێنێتەوە. لای شۆپنهاوەریش هێندە بەو ئاراستەیەدا ڕۆدەچێت نەتوانێت هیچ هەوڵێک بدات بۆ تەباییکردن لەنێوان دید و کردارد‌ا و ناچار دەبێ لە کەش و هەوایەکی درۆزنانەدا بژی..ئەو سەرکەوتوو بوو لەوەدا تیشکی ئاکاریی بایەخنەدان بەجیهان و ژیان بەجۆرەها ڕەنگ بدرەوشێتەوە، بەڵام ئەمیش وەک هیندیەکان بێتوانابوو لەوەدا کە لە بایەخنەدان بە جیهان و ژیان ئاکارێک بێنێتەئارا.

فریدریک نیچە(1844 – 1900) لە سەرەتای یەکەمین چالاکیی هزرییدا لەژێر کاریگەریی ئەفسوونی شۆپنهاوەردا بوو و یەکێک لەو " ڕامانانانەی لەکاتی خۆیدا نەبوو" بە

ناونیشانی: " شۆپنهاوەری پەروەردەکارە". دواتر پەرەیسەند تا بۆی دەرکەوت کە ئایدیا بالاکان لە ڕووی زانستییەوە شێوە و هاوکات سوودگەرییەکی قوواڵە. ئیتر کەوتە خۆ سەلماندن کاتێک لە کتێبی: " زانستی شادمان"دا دەیەوێت دیدی گەردوونیی داببەزرێنێت کە دیدێکی جەختکەرەوەی باڵایەیە لە ژیان. بەم ئاراستە نوێیەشی بووە رکابەری شۆپنهاوەر و مەسیحییەت و سوودگەرییش لەهەمان کاتدا.(بروانە فردریک نیچە: " ئەو ڕامانانەی لەکاتی خۆیدا نەبوون، چوار بەشە 1787 – 1876"؛ مرۆڤانە، زۆر مرۆڤانە، سێ بەشە 1878 – 1880"؛ زانستی شادمان،1882"؛ زەردەشت وای وت، چوار بەشە 1883 – 1885"؛ لەمیانەی خێر و شەرەوە، 1886"؛ ڕێژەکانی ئاکار، 1887"؛ ویستی هێز، دوای مردنی 1906).

ڕەخنەکانی نیچە لە ئاکاری فەلسەفی و ئاینی ڕەخنەی پر لە ویژدانکاری و بلیمەتین، بەاڵم دەچێتە قووڵاییەوە و دوو ڕەخنەی سەرەکیی لێدەگرێت: یەکەمیان ئەوەیە کە هاوپەیمانێتیی لەگەڵ درۆدا بەستووە، دووهەمیش دەرفەت بۆ مرۆڤ ناڕەخسێنێت ببێتە خاوەن کەسێتی. نیچە لەم ڕەخنەیەدا شتێک دەڵێت کە دەبوو زۆر زووتر بگوترابا. بەدگومانان زۆر ئەو سکاڵایانەیان هەبوو، بەاڵم نیچە وەک سۆڕاخکارێکی هەق و بایەخدەرێک بە پرسی ئایندەی ڕۆحی مرۆڤایەتی قسە دەکات، بەمەش ئەو سکاڵایەی دەڕژە پێدا و مەودایەکی فراوانتری پێبەخشی. لەکاتێکدا فەلسەفەی باو پێیوایە توانیویەتی سەرلەبەری کێشە ئاکارییەکانی چارەسەر کردووە و لەگەڵ ڕێبازی سوودگەریی ئەنگێزە بنچینەیی و کۆمەاڵیەتیدا لەوەدا هاوپەیمانە کە لە مەیدانی ئاکاری تاکە کەسیدا ئیتر بوار بۆ دۆزینەوەی شتی نوێ نەماوە، لەوکاتەدا نیچە هێرشی کردە سەر کۆی ئەو پرۆسەیەی فەلسەفەی باو ڕوونیکردەوە کە کۆی ئاکار لەسەر ئاکاری هیندێ دامەزراوە. پرسیارێش لەبارەی چییەتی خێر و شەرەوە –کە خەڵکی پێیانوابوو وەاڵمی کۆتاییان دەستکەوتووە – بەشێوەیەکی بنچینەیی لەاڵیەن نیچەوە کرایەوە. ئەو ڕاستیەش کە دەڵێت ئاکار لە سروشتی تەواوی خۆیدا بریتیە لە کرداری تەواوکاریی خود، لە نووسینەکانی ئەمیشدا وەک نووسینەکانی کانت دەشەکێتەوە، هەرچەند بە ڕوونی و ڕووناکییەکی جیاوازیش بێت. لێرەوەیە کە نیچە لە نێوان بیرمەندە ئاکاریستییەکانی گروپی مرۆڤایەتیدا پێگەی پێشەنگیی گرتووە، چونکە کاتێک نووسینە گەرمەکانی نیچە دایان بەسەر نشێوەکانی هزری کۆتایی سەدەی نۆزدەدا وەک چۆن شنەبای باشوور دەدات بەسەر لوتکەی چیاکان لە وەرزی بەهاردا، ئیدی ئەو بیرمەندە ئاکاریستییانە لە یەقینی ساختەیان وەدەرهاتن و هەرگیز لەبیریان ناچێت چەندە قەرزداری نیچەی هزر هەژێن لە بانگەشەکانیدا بۆ ڕاستگۆیی و کەسێتی.

نیچە پێیوایە ئەو ئاکارەی بریاری لێدراوە ڕاستگۆیی کەمە، چونکە بیرۆکەی خێر و شەڕ کە خەڵکی مامەڵەی لە تەکدا دەکەن، لەبیرکردنەوەی مرۆڤەوە لە مانای ژیان سەرهەڵنادات، بەڵکو لەپێناوی هێشتنەوەی تاکەکان لەخزمەتی زۆرینەدا داهێنراوە. لاوازەکان لەبەرئەوە سۆز و خۆشەویستی بە خێر و چاکە دادەنێن، چونکە لەبەرژەوەندییاندایە. هەر بەوجۆرەیش خەڵکی چەواشەبوون و ویستیان بەسەرخۆیانیدا بیسەپێنن کە ئەوان بە قوربانیدان و خۆ تەرخانکردن بۆ کەسانی تر ئامانجی باڵا لە بوونیان بەدیدێنن. ئەمانە دەژین بێئەوەی خۆکردانە بیر لەوە بکەنەوە بەهایەک بە ژیانیان دەدات. ئەمانیش لەگەڵ خەڵکانی ئاساییدا بەشدارن لە پیرۆزراگرتنی چاکەی خاکیبوون و خۆ بە قوربانیدان وەک چاکەیەکی تەواو، بەاڵم بروایەکی ڕاستەقینەشیان پێنیە. ئەوان خود سەلماندن بەکارێکی سروشتی دادەنێن و بەو پێیەش دەڕۆن بەڕێوە، بێئەوەی بۆ خودی خۆیان دان بەو ڕاستیەدا بنێن.هاوکات هیچ گومانێکیشیان نیە لە بەهای گەورەی ئاکاری خاکیبوون و قوربانیدان بە خود، بۆیە کار بۆ پیرۆزراگرتنیشی دەکەن، لە ترسی هاتنی کەسانی بەهێزتر لە خۆیان و بوون بە مەترسی، ئەگەر بوار بەم ڕێگەیە بدرێت خەڵکی ڕام بێنێت، کەواتە ئاکاری باو پرسێکە گروپی مرۆڤایەتی لە میانەی دیدە تەقلیدییەکانەوە کە تاکەکان خزمەتی خۆیانی پێدەکەن، فریوی پێخواردر.

نیچە بەم گوزارشتە تووڕانە باس لە هەق دەکات، هێندەی ئەوەی ئاکاری خاکیبوون و قوربانیدان بە خود دەیەوێت خۆی لە قسەکردن و مشتومڕی کرداریی ڕوون لەبارەی ژیان و واقیعەوە دوور بگرێت، بەڵکو بەوە دەڕێ کە پشتگوێخستن و بایەخنەدان بە ژیان تیایدا بە نارووبی و نادیاریی بمێنێتەوە. ئاکار لەڕووی تیۆرییەوە بانگەشە بۆ پشتگوێخستنی ژیان دەکات، بەاڵم لەڕووی کردارییەوە ڕێگە بە جەختکردنەوە لە ژیان دەدات و بەمەش دەبێتە شتێکی ناسروشتی و چەسپانیشی زیانی دەبێت. ئەگەر پەرۆشیی ویژدانی لە ڕەخنەکانی نیچە دامالین، مانای وا دەبێت تاکە ڕێبازی ئاکاریی شایستە بە قبوڵکردن تەنها ئەو ڕێبازە دەبێت لە ڕامانی سەربەخۆوە لەژیان دێتە ئارا و دەگاتە لێکحالیبوونێکی ڕاست و دروست لەگەڵ واقیعدا.

ئاکاری تاکە کەسی دەکەوێتە پێش ئاکاری کۆمەاڵیەتیەوە. پرسی یەکەمیش کە دەبێ بوروژێنرێت ئەوە نیە ئاکار بەاڵیەنی کۆمەڵگەوە چی دەگەێنێت، بەڵکو ئەوەیانە ئاکار بەاڵی تەواوکاریی تاکەوە چی دەگەێنێت. ئایا ئاکار ڕێگە بە مرۆڤ دەدات کەسێتی بێت یان ڕێگەی نادات؟ لە دیدی نیچەدا خاڵی الواز لە ئاکاری باو لێرەدایە، واتە لەوەدایە کە ڕێگە بە مرۆڤەکان نادات بە ڕاستی و دروستی گەشە بکەن، بەڵکو وەک ڕووەکی ناو ئینجانەی سەر پلیکانەی قادرمەکان مامەڵەیان لەتەکدا دەکات و خاکیبوون و قوربانیدان و ملکەچیان بە ناونیشانی کەمال دادەنێت، بەاڵم لەو ئاکارە تێناگات کە داوا لە مرۆڤ دەکات لەگەڵ خۆیدا دڵسۆز و یەک بێت.

"خانەدان" چیە؟ نیچە بەمجۆرە هاوار بە رووی سەردەمەکەیدا دەکات و ئەم پرسیارەش ئەو پرسیارە ئاکاریەیە کە ئەم سەردەمە لەبیری کرد. ئەوانەشی باوەریان بە راستگۆیی ریتمی وتەکانی و تەزووی تەعبیرەکانی کرد کە لە هەموو شوێنێکدا دەنگی دەدایەوە، لەم بیرمەندە گۆشەگیرەوە هەموو ئەوانەیان وەرگرت کە توانیی بە جیهانی ببەخشێت.

ئەگەر بایەخەنەدان و پشتگوێخستنی ژیان هەموو ئەو شتانەی هێنابێت کە ناسروشتین و گومان کلۆری کردوون ئیتر ئەو پشتگوێخستنە ئاکاری نابێت. بۆیە دەبێ ئاکار لە جەختکردنەوەیەکی باڵاوە لە ژیان پێکبێت.

بەڵام پرسیارەکە ئەوەیە جەختکردنەوەی باڵا لە ژیان خۆی چییە؟ فیختە و فەیلەسوفە تیۆریەکان بەگشتی بەمشێوەیەی دیاریی دەکەن: ویستی مرۆڤ لە چوارچێوەی ویستی بێسنووردا دەرک بەخۆی دەکات و بەو هۆیەشەوە هێشتا بە شێوەیەکی سروشتی سەر بە جیهان نیە، بەڵکو بە هۆشیاری و ویستی خۆی ملکەچێتی و وەک وزەیەک بە رێکی و گونجاویەکی ژیرانە لەگەڵ ویستی بێسنووردا کار دەکات. نیچە بە روونی دەبینێت لەم رێگەیەوە نەگەیشتوونەتە هیچ بیرۆکەیەکی رەوا و شیاو لەبارەی ناوەرۆکی جەختکردنەوەی باڵاوە لە ژیان، بگرە لە ناوچە ئەبستراکتەکاندا دەسووڕێنەوە، بەڵام نیچە خۆی دەیەوێت بە بیرمەندێکی بنچینەیی بمێنێتەوە چەندیشی لەسەر بکەوێت، بۆیە خۆی لە فەلسەفە نواندن لەبارەی گەردوونەوە دوور دەگرێت و وەک سۆکرات خۆی بە ئاکاریستێکی تەواو دەخاتەروو. نیچە هاوکات گاڵتە دەکات بەوانەی تەنها بە سووککردنی مرۆڤایەتیەوە نەوەستان، بەڵکو بەوەی کە دەڵێن جیهان تەنها لە خەیاڵدانی مرۆڤایەتیدا بوونی هەیە، هەقیقەتی جیهانیان پێشێل کردوە. نیچە دەیەوێت بیرکردنەوەی خۆی لە تێگەیشتنی ویستی ژیان و شێوەی سوود وەرگرتنێکی تەواو لێی لە ئەزموونداء کورت بکاتەوە. بیروباوەری بنچینەیی ئەوەبوو دەتوانێت بە شێوەیەک جەختکردنەوەی باڵا لە ژیان وێنا بکات، کە بریتیە لە پەرەسەندنێکی رۆحانیی باڵا لە ویستی ژیاندا، بەڵام کاتێک ویستی لە لێکۆڵینەوەکانیدا گەشە بەم بیرۆکەیە بدات، وێنەیەکی تری گرتەبەر. رۆحانیەتی باڵایش بێگومان مانای چەپاندنی پاڵنەر و پێویستیە سروشتیەکانی ژیان دەگەێنێت و بەم هۆیەشەوە ئەو رۆحانیەتە – بە جۆرێک لەجۆرەکان – پەیوەندە بە پشتگوێخستنی ژیانەوە، بۆیە جەختکردنەوە و بایەخدانیش بە ژیان مانای بەرزکردنەوەی ناوەرۆکی ویستی ژیان دەگەێنێت بۆ بەرزترین هێزێک بکرێت بەدەستبهێنرێت. مرۆڤیش، مانای ژیانی خۆی لە بایەخدانێکی هۆشمەندانەی روون بە هەموو ئەوانە بەدیدێنێت کە لەو ژیانەدا هەن، بە پاڵنەرەکانی گەیشتن بە هێز و چێژیشەوە.

دەڵێ نیچە نەیتوانی خۆی رزگار بکات لەو پێچەوانە و دژ یەکبوونەوەی نێوان شتە رۆحی و سروشتیەکان و چەندە جەختی لە سروشتیەکان بکردایەتەوە رۆحییەکان پاشەکشەیان دەکرد. بۆیە وردە وردە و لەژێر کاریگەریی ئەو نەخۆشییە عەقڵیەی خستبوویە مەترسییەوە، ئایدیای باڵای مرۆڤ لای ئەو بووە" مرۆڤی باڵا" کە لەپێناوی بەدەستهێنانی هەموو چارەنووسێکدا خۆی دەسەلمێنێت و بێئەوەی بایەخ بە کەسی تر بدات تەنها لە هەوڵی بەدیهێنانی ئامانجەکانی خۆیدا دەبێت.

هەر لەسەرەتاوە قەدەری نیچە لە بارەی پەیوەستبوونیەوە بە جەختکردنەوە و بایەخدان بە ژیان وابوو کە بگاتە وێنەیەکی باڵای ئەو جەختکردنەوەیە، ئەویش بەوەی مرۆڤ ژیانێکی پڕ و تەواو بژی. ئەو دەیەوێت گوێ بۆ گەورەترین کۆششەکانی ویستی ژیان رادێرێت، بێئەوەی بە هیچ پەیوەندیەک بەگەردوونیەوە ببەستێتەوە. بەڵام جەختکردنەوەی باڵا لە ژیان زیندوو و کارا نابێت تا جەختکردنەوەکە لە ژیان لە چوارچێوەی جەختکردنەوەدا لە ژیان لەخۆی تێنەگات. جەختکردنەوەش لە ژیان لەخودی خۆیدا، هەر ئاراستەیەکیش بگرێت، تەنها دەبێتە جەختکردنەوەیەکی بەهێزتر نەک باڵا. لەبەر بێتواناییشی لە وەبەرگرتنی رێگەیەکی دیاریکراو، بە توندی لە بازنەیەکدا خول دەخوات، وەک کەشتییەک سەرنشینانی بەتوندی بەستبێتیانەوە. بەڵام نیچە سەرباری ئەوەیش بە رەمەک" غەریزە"ی خۆی دوورکەوتەوە لە دانانی جەختکردنەوە و بایەخدان بە ژیان لە چوارچێوەی جەختکردنەوە لە جیهاندا، تا لەو رێگەیەوە ببێتە جەختکردنەوەیەکی ئاکاریی باڵا لە ژیان. جەختکردنەوە لە ژیان لە نێوجەختکردنەوە لەجیهاندا دڵسۆزی دەگەیەنێت بۆ جیهان،

بەڵام هاوکات – بە جۆرێک لە جۆرەکان – پشتگوێخستنی ژیانیشی لەنێو جەختکردنەوە لە ژیاندا لێدەکەوێتەوە. نیچە دەیەوێت خۆی لەم پێکداچوونەی نێوان هەردوو جەختکردنەوەکە رزگار بکات، چونکە لەوێدا ئاکاری ئاسایی دوچاری شکست و نائومێدی دەبێت.

نیچە یەکەم کەس نەبوو لە هزری خۆرئاواییدا بانگەشە بۆ ئەوە بکات مرۆڤ ژیانێکی پر و تەواو بژی. پێش ئەو سۆفستاییە یۆنانیەکان و دوای ئەمانیش کەسانی تر کردوویانە. بەڵام مەودایەکی فروان لە نێوان ئەم و پێشینانیدا هەیە. ئەوان بۆیە دەڵێن دەبێ مرۆڤ ژیانێکی پر و تەواو بژی، چونکە بەوە خۆشحاڵتر دەبن، بەڵام نیچە بۆ قوواڵی ڕاڤەمان بۆ دەکات و دەڵێت لە بە پری و تەواوی ژیانی مرۆڤدا خودی ژیان پیرۆز دەبێت و بە قوواڵکردنەوەی ژیانیش مانای بوون بەدیدەهێنرێت. بۆیە کەسانی بیلمەتی خاوەن کەسێتیی بەهێز دەبێ تەنها کار بۆ ئەوە بکەن ئەو مەزنیە ڕەها بێت کە خۆیان لەو مەزنیە پێکهاتوون.(بروانە ماکس شتنر 1806 – 1856، کە ناوە ڕاستەقینەکەی کسبار شمیتە و بەم دواییە بە یەکێک لە پێشینانی نیچە دانراوە؛ ئەویش بە پێی کتێبەکەی :" تاک و ئەوەی هەیەتی، 1845. لەو کتێبەدا لایەنگیریی خۆویستیەک دەدات هیچ بەزەییەکی نەبێت؛ بەڵام ناوبراو لە واقیعدا بەوجۆرە نیە. چونکە هیچ بنچینەیەکی فەلسەفیی قوواڵی بۆ خۆویستیە ئانارشیزمیەکەی نیە و تەنها وەک لۆژیکیستێک قسەی کردووە و نەگەیشتۆتە ئاستێکی بەرزتر لە سۆفستاییە یۆنانیەکان. لای ئەم ڕێزێکی مۆرک ئاینی بۆ ژیان نابینین وەک لای نیچەیش وایە).

ئاکاری ناکە کەسی دەکەوێتە پێش ئاکاری کۆمەڵایەتیەوە. پرسی یەکەمیش کە دەبێ بوروژێنرێت ئەوە نیە ئاکار بەڵایەنی کۆمەڵگەوە چی دەگەیەنێت، بەڵکو ئەوەیانە ئاکار بەلای تەواوکاریی ناکەوە چی دەگەیەنێت

پێشینانی ڕاستەقینەی نیچە لای خۆی دیارنین. وڵاتی ئەوان "چین "ە، واتە وڵاتی پێشینانی سپینۆزا. لەو وڵاتانەدا جەختکردنەوە لە ژیان هەوڵیدا بگاتە هزروبیری ڕوون و دیار لەبارەی خۆیەوە. لای "لاو – سێ و قوتابیەکانی هێشتا ئەم جەختکردنەوەیە لە ژیان لەڕووی ئاکارییەوە سادەیە. لای شوانج – سێ دەبێتە ڕادەستبوونێکی دڵخۆشکەر و لای لی – سێ دەبێتە ویستی کۆنترۆڵکردنی نەفسی شتەکان و لای یانگ – سێ دەگاتە ئەوەی مرۆڤ بە پری و بە تەواوی بژی. کەواتە نیچە تێکەڵەیەکە لە لی –سێی و یانگ – سێ، بەڵام بە عەقڵیەتێکی ئەوروپی. کەوابێ تەنها ئێمەی ئەوروپایی دەتوانین فەلسەفەی ستەمکاری و وەحشیەت بەرهەم بێنین.

نیچە زەردەشت بە هێمای ئەو هزروبیرانە دەزانێت لەخۆیدا پێکیهێناون و ئەو بە پاڵەوانی ڕاستگۆیی دەزانێت کە جەربەزەیی نواندووە لە بریاردان لەوەی ژیانی سروشتی و ئاسایی شتێکی باشە و ئەمەش بلیمەتییەکی زۆر دووەم لە ئاراستەی هزری یەهوودی و مەسیحییەت.

نیچە لەبارەی ئاکارەوە لە شۆپنهاوەرەوە دوور نیە. ڕەگەزی ئاکاری لە جەختکردنەوە لە ژیان چەواشەی کرد بۆیە جەختکردنەوەی لە ژیان بە یاسای ئاکار دانا، بەم کارەشی کەوتە ئەو مەودایانەی تەنها لە جەختکردنەوە لە ژیانەوە سەرچاوەیان گرتووە، وەک چۆن شۆپنهاوەر کەوتە ئەو مەودایانەی تەنها لە پشتگوێخستنی ژیانەوە سەریانهەڵداوە. لە ویستی هێزدا لای نیچە سووکایەتیکردنێک نییە، وەک چۆن شۆپنهاوەر لە قسەکردندا لەبارەی زوهدەوە کە داوای کوشتنی خود دەکات سووکایەتیکردنێکی نیە. ئەوەی جێی باسکردنە ئەم دوو بیرمەندە بەپێی دیدی خۆیان بۆ ژیان نەژیاون. شۆپنهاوەر زاهید نەبوو، بەڵکو پیاوێکبوو دەیزانی چۆن بە خۆشگوزەرانی ژیان بەسەر بەرێت، نیچەش کۆنترۆڵی خەڵکی نەکرد، بەڵکو بە گۆشەگیری ژیا.

جەختکردنەوە و نەکردنەوەیش لە ژیان تا ڕادەیەک ئاکارین، بەڵام کە بەرەو ئامانجی خۆیان ئاراستەیان گرت دەبنە نائاکاری. ئەم دەرەنجامانەی هزری گەشبینانە لە چین و هزری ڕەشبینانە لە هیند پێیگەیشتن لە ئەوروپادا لای نیچە و شۆپنهاوەر دەرکەوتن، چونکە هەر ئەم دوانە لە کیشوەری ئەوروپادا دوو فەیلسوف بوون بەشێوەیەکی بنچینەیی لەبارەی ویستی ژیانەوە ئیشیان لە فەلسەفەدا کردووە و جەرەبزەییان نواندووە لە وەبەرگرتنی ڕێگەی یەک لا و هەردووکیشیان یەکتری تەواو دەکەن. لە فەلسەفەی ئەووپیدا بەوە حوکم بەسەر ئاکاردا دەدرێت کە جارێکی تر نوور بەو هزرە بنچینەیی ئاکارییانە ببەخشرێتەوە کە کار لە جەختکردنەوە و نەکردنەوە لە ژیان دەیکەن، دیارە فەلسەفە ئەم هزرانەی بە داپۆشراوی هێشتەوە و هەردووکیشیان، یەکێکیان بە دەرهێنانی دەرەنجامەکان لە جەختکردنەوە لە ژیان و ئەوی تریشیان بە دەرهێنانی دەرەنجامەکان لە جەختنەکردنەوە لە ژیان گەیشتن بە شتانێکی نائاکاری، بەمەش تەئکید لەو گوتەیە دەکەنەوە کە شتە ئاکارپەکان نە جەختکردنەوە و نە پشتگوێخستنن لە ژیان، بەڵکو تێکەڵەیەکی بەردەوامن لە هەردووکیان.

سەرچاوە:

کتێبی: فەلسەفەی شارستانی، پاژەی بیستەم، وەرگێڕ بۆ عەرەبی د. عبدالرحمن بدوی